# دژ بە زەبری میٚتۆد

ئاوڕدانەوەێ لە تیٚگەیشتنی ئەنارکیستی **پۆل فایرەبەند** لە زانست لەمیانەی کتیٚبی" " دژ بە میٚتۆد" "ەکەیەوە

**ئازاد حەمە**

## بەشی سیٚهەم

بەلام گرینگە بۆ ئیٚمە دەست بۆ ئەوە ڕاکیٚشین کە لەمباسەدا ڕیٚژەگەریی وەك بیرێ فەلسەفی باسناکەین بەلکو باس لەوەدەکەین کە چۆن لەم حالەتانەدا کە باس دیٚتەسەر ڕیٚژەگەریی گرینگە باسهیٚنانەپیٚشەوە لەسەر باری زانست و زانیاری نوێ و پیٚوەندی ئەوەش بە ئیتیکی لیٚکدانەوەکانەوە. چونکە گرینگە ئیٚمە ئەو تیٚگەیشتنەمان لا بەرجەستەبێ کە ئایا پشتکردن لە زانست و دژایەتیکردنی تیۆریەکان شیاوە؟ ئایا ئەوە نابیٚتەهۆی کوشتنی دیالۆگ؟ بەخۆی زۆر ئاساییە وەلامی ئەو دوو پرسیارە بە ئامانجی زانستی نوێ و بە پەیامی زانیاری تازەوە بەسترابیٚتەوە. لەکاتیٚکدا کە زانست و زانین بەشداری لە دروستکردنی ئۆتۆریتیٚیێ(دەسەلاتێ) تایبەت بەخۆیان دەکەن و شویٚنی میتافیزیك دەگرنەوە چۆن دەکرێ هیوا بە زانست و زانین وەك ڕزکارکەرێ بکرێ. ئەمەلایەنیٚکە و لایەنی دووەم ئەوەیە کە دژایەتیکردنی بوونی زانینێ ئوبژیٚکتیڤ و گەڕان بەدووی ڕاستیێ گلوبال کاتێ دەبێ بە مەسەلەێ هیچگەڕا کە زانست و زانین بەشداری لە دروستکردنی زۆرداری و ناتەبایی نەکەن. ئەم ڕۆلەش کە زانست دەیگیٚڕێ(یان دەتوانێ بیگیٚڕێ) کارێ واشدەکا کە چۆن بوونی میٚتۆدێ ڕاسیۆنالی ڕەخنەیی شویٚن باس نەبێ و ڕیٚگا لەبەردەم سەرهەلدانی گشت تیٚگەیشتن و دیدێ بیٚمانا و پووچ بکاتەوە. وەکیتریش دەمانەوەێ ئەوە بلیٚین, ئەوەی ڕیٚگای لەبەردەم ئەو ڕیٚژەگەرییە کردۆتەوە ئەوەیە کە پیٚیدەلیٚن ماندووبوون لە زانست و لە گومانکردن لەوەی کە زانست توانای بەرهەمهیٚنانی ڕاستیی هەیە, ئەمەش لەلایەن خۆیەوە بوەتە هۆی دروستبوونی سیٚرکردن و لیٚکدانەوەی جۆراوجۆر. چونکە بۆ گەلێ لەوانەی ئاگایان لە میٚژووی گەشەی زانستی ڕۆژئاوا هەیە لەوەدەگەن کە ئەو زەبر و ستەمەی بەناوی زانستەوە ئەنجامدراوە , یان بەشداری خودی زانستی ڕۆژئاوا لە دروستکردنی ناتەبایی و زۆرداریێ زانستی, کارێ وایکردووە کە گەلێ تەوژم و ئاڕاستەی فەلسەفی بکەویٚتە ناو فەلسەفەی نوێ ڕۆژئاواوە و زۆربەی ئەو تەوژم و ئاڕاستانەش لە هیچگەرایێ فەلسەفی و ئەنارکیستی زیاتر شتێ دیاریکراو بەرهەمنەهیٚنن. ئەمەی ئیٚمە لیٚرەدا دەیلیٚین شتێ جیاترە لەوی فایرەبەند لە کتیٚبەکەیدا کاری لەسەر کردووە. چونکە فایرەبەند هەر لە پیٚشکەش کردنەکەیەوە, واتە کاتێ بە هاوڕیٚی ئەنارکیستی خۆی لاکاتۆس پیٚشکەشیدەکا, تا دوادیٚڕی کتیٚبەکەی داکۆکی لە ئەنارکیستیەتی خۆی دەکا. پاشان ئەم فەیلەسوفە زانستییە بەهۆی ئەم کتیٚبەیەوە دەیەوێ ئەنارکیزم بەئەکادیمیکا و ئارگومیٚنتی زانستی بۆ ئەنارکیستیەتی خۆشی بهیٚنیٚتەوە. بەلام بەخۆی تەماشاکرنی لەو ڕووەوە بۆ کارکردنەکەی لە خویٚنەرانی کارەکەی جیایە. ئەوەتا لەو پیٚشەکیەی لە سیٚپتەمبەری 1987 بۆ کتیٚبی ناوبراوی نووسیووە جەغت لەوەدەکا کە ئەو باوەڕانەی دەیکا بە بناغە بۆ ئارگومیٚنتەکانی نوێ نین( 2000 , لاپەڕە 8). سەبارەت بەوی لەسەرەوە درکانمان لەبارەی ڕاستیەوە پیٚویستە ئەوەش بووترێ کە قسەی بەردەوامی فەلسەفەی میٚژووی و زانستی ڕۆژئاوا لە دوان لە ڕاستی, ڕاستیێ ئەبەدی و ڕاستیێ گەردوناوی , بووەهۆی دروستکردنی ئەوی فایرەبەند دەیەوێ بەهۆی ئەم کتیٚبەوە بیخاتە ناو ڕیٚچکەی تیۆری زانینەوە . ئەمەش تەوژمە فەلسەفیەیە کە پیٚچەوانەی ئەندیٚشەی فەلسەفی بیریارانی ڕۆشنگەرییە. چونکە ئەوانەی ئاگایان لە نەریٚتی فەلسەفی فەیلەسوفانی سەدەی هەژدەیە لەوەدەگەن کە چۆن ئەم نەریٚتە وەك بیرێ گەردوناوی خۆی لەناوەوە و لەدەرەوەی ڕۆژئاوا سەپاند و , هەروەها چۆن پرنسیپە فەلسەفیەکانی ئەو بیریارانە بوو بە بناغەێ بۆ باس لەسەر زانین و ڕاستی و موڕال و, چۆنیش ئەو دەستە بیریارەی هیٚنایەدونیا کە تەنیا لە ولاتە جیاکانی ئەوروپا بلاوبوونەوە و کاریان بۆئەوە کرد کە مرۆڤایەتی بەیەکەوە ببەستنەوە و نەوەکان و کولتوورەکان هاوشیٚوەی یەککەن. بۆیە ئەوانەی ڕەخنە ئاڕاستەی بەرهەم و میراتی سەدەی ڕۆشنگەرییدەکەن دەبێ لەوە دلنیابن کە بەرپەچ دانەوەی بابەتی ڕاستی و زانینی زانستی و بابەتیەتی هەقیقەت دەبێ بە هەنگاوێ بۆ گومانکردن لە ئیدیاکانی پرۆژەی ڕۆشنگەریی ئەوروپایی. ئەوانەش کە لەگەل کۆمەلگەکانی ڕۆژئاوا هاو میٚژوو و هاو کولتووری زانستی نین و بەلکو بەر شەپۆلی ئەو گەردووناویەی ئیدیا و پرنسیپەکانی ڕۆشنگەریی کەوتوون ئەوا بوونە بە بەکاربری پاشکۆی دەستکەوت و دۆزینەوەکانی زانا و بیریارانی ڕۆشنگەریی. هەمیشەش بۆ ئەوانەی سەر بە نەوە و کەلەپووری

ڕۆژئاوایین یان بەواتاێتر ڕیشەیان دەچێتەوە سەر ڕۆشنگەریی ئەوا بوونی زانینێ زانستی و ڕاستیێ بابەتی دەرئەنجامێ گومانلێنەکراوە. بەلام ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە ئەو چەند بیریارە پۆستمۆدێرنە ڕۆژئاواییەی نایانەوێ لەگەل ئایدیۆلۆژیای مۆدێرنە کۆك بن نەشیانەوێ باس لەئاستی تر لەسەر چارەنووسی ڕاستی و بەتایبەت ڕاستی زانستی و زانینێ کۆنکرێت و دلنیا نەهێنرێتە پێشەوە. چونکە نە گشت ڕۆژئاوا هەلگری بیری بیریارانی پۆست مۆدێرنەیە و نەش هەموو جیهان باوەڕی بە ئیدیا گەردووناویەکانی پرۆژەی ڕۆشنگەریی هەیە.

ئەمەش لەبەرئەوەی گەلێکمان چ ڕۆژئاوای بین و چش نەبین لەوە دلنیاین ئەوی یەکماندەخاتەوە ئیدیا و باوەڕە سیاسی و ئیدیۆلۆژیا گەردوناویەکان نییە بەلکو ئەو شێوە ژیانەیە کە هەر گرووپ و نەتەوە و تیرە و کۆمەلگەێ تیایژیاوە و ئەو جۆرە تێژیانەش بەرامبەر بەوە بەرپرسە کە ئێمە سەر بە چ ڕیشەێکین و یان ڕەچەلەکی ئێمە بۆچی و چۆن بۆ ئەمە نەوەك ئەویتر دەگەڕێتەوە. مەبەستم ئەو جۆرە کۆمەلگەیەی هەمانبووە, یاخود ئەو شێوە ژیانەی ژیاوین و ئەو جۆرە میرات و کولتوورەی لەگەل خۆمان بۆناو ئێستامان هەلمانگرتووە و بەدووی خۆدا ڕامانکێشاوە ئەوەیە کە بەرپرسیاری سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆ کە بۆ و چۆن ڕەچەلەکی ئێمە بۆ ئەوە یان ئەویتر دەگەڕێتەوە نەك شتێ تر. هیچ دوورناڕۆین سێرکردنی فایرەبەند لەم کتێبەی بۆ زانست و ڕاستی پێوەندیێ زۆری بە دۆزی کۆمەلایەتی و زانستی خودی ئەم فەیلەسوفەوەیە. ئەم لایەنەش وامانلێدەکا بینە سەرخالێ زۆر گرینگ سەبارەت بە هەلە یان ڕاستی گەردوناوی ئیدیاکانی مرۆڤ و ئاکامەکانی بەسەر ڕەوشت و زانینمانەوە. بۆنموونە کاتێ بیریارێ وەك فایرەبەند لەشوێنێ وەك نەمسا و دواتر وەك ئەمەریکا ژیاوە زۆر ئاساییە هەستی دژە مێتۆدی تیا سەوزبێ یان بانگەشەی جۆرە ئەنارکیستیێ ئەکادیمی یان چاترە بلێین ئەنارکیستیێ زانستی بکا جیا لەو بیریارەی کە لەدەرەوەی شارستانی ڕۆژئاوا ژیاوە کە هیچ مافێکی بەسەر مێژووی زانست و زانینی ڕۆژئاواوە نییە و کە تەنیا تەماشاکەرێکی نابینایە لەو دونیایەی پڕە لە ڕوداوی زانستی و موڕالی سەیر سەیر. جا ئەم کەسە کە سەر بە ئەتمۆسفێرێ زانستی کولتوری ترە چۆن دەتوانێ بانگەشە بۆ مەرگی زانست, یان چاخی زانست, و پایانی ڕاستی بکا لەکاتێکدا نەزانستی ژیاوە و نەش کاریگەریی زانست بەسەریەوە ڕۆژانە لە نوێبوونەوەدایە.

ئەوەی مەرجیشە لێرەدا یادخرێتەوە ئەوەیە کە فایرەبەند, ئەلبەتە کۆهنیش, سەرچاوەیە بۆ ئەوەی پێیدەلێن ڕێژەگەریی کولتووری کە بناغە بۆ ڕاستیێ لۆکالی دادەنێ نەك هەر ئەوە بەلکو بۆ فایرەبەند گشت گرووپێ ئیتنی بۆی هەیە ئەو کولتوورە هەلبژێرێ کە دەیەوێ. بەلام ئەم لایەنە لە توێژنەوەکانی دواتری فایرەبەند دا وەك خۆی نەماوەتەوە. لەم ڕووەشەوە دەشێ کارێکی فایرەبەند بەنموونە بهێنینەوە کە لە سالی 1995 بەناوی" " کوشتنی کات" " چاپکراوە کە لەوێڕا فایرەبەند هێرش دەکاتە سەر ڕێژەگەریی و جەغت لەسەر ئەوەدەکا بابەتگەریی (ئوبژێکتڤیزم) و ڕێژەگەریی(ڕێلەتڤیزم) تەنیا فەلسەفەهایەکی نایەکانگیر نین بەلکو ڕێنیشاندەرێ خراپیشن بۆ پێوەندیێ کولتووری بەپیت (6).

دوور لەم گۆڕانە و بەپێی تێگەیشتنەکانی فایرەبەند بێ لە کتێبی" "دژ بە مێتۆد" "ڕێژەگەریی فایرەبەند بەوەدەچێ لە تێزی ئینکۆمێنسورابلیتێ ( نابەراوردئامێز) دا بەرجەستەکرێ. ئەم تێزەش لەسەر ئەو بناغەیە پێکدێ کە نەگۆڕ و نابەراوردکارە هەروەها ناکرێ بەهەمان پێوانە پێوانەکرێ. گەر دواتر فایرەبەند دژ بەوەش کاریکردبێ بەلام لە کتێبی " "دژ بە مێتۆد" "هەر چۆنێبێ ئەمە پرنسیپێ بووە کە کاریلەسەرکردووە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوی سەرەوە دەلێین, ئێستامان لەهەچ شوێنێك بین لەم گەردوونە لەلایێ بە سەدەی زانستەوە پابەندە و لەلایێ تر بەو دیتنانەشەوە کە تیۆریزە بەسەر ئەم سەدەیەوە دەکا. یۆیە مەرج نییە ئێمە دەبێ لە یەکێ لە کارگە بەرهەمهێنانیەکانی کۆمەلگەی پۆست پیشەسازی( یان چاترە بووترێ کۆمەلگەی نێت) ئەندازیارێ ئەلەکترۆنی یان فیزیاکارێ بین تا هەست بە دژواریەکانی ژیانی نوێ و سەختیەکانی تێژیانمان لەم کۆمەلگەیە بکەین. هەروەها مرۆڤ ناشێ لەبەرئەوەی تەکنیککارێ مۆدێرن نیە و یان ڕۆژانە بۆنی زانستگەری بە لووتیا نایێ ئیدی مافی ئەوەی نییە کە گومان لە کاریگەریی داهێنانە نوێکان نەکا. دەشێ بێئاگابین لە گشت داهێنانەکان و تەنانەت ئەلف و بای هیچ زمانێکیش لێکدی نەکەینەوە بەلام دەرك بە ناڕەحەتی ئەو تازەگەرییە بکەین کە هەلاوی گەیشتۆتە ناو سیەکانمان. ئەمە تەنیا بەهۆی جیهانگیری زانستیەوە نییە نەخێر بەلکو ئەوە زانستگەرییە کە خودی ئیدیای جیهانگیری داهێنانە و پیادەشی دەکا.

ناشێ هەچ تەماشاکردنێ بۆ زانستی تازە و زانینێ نوێ بەوە لەقەلەمدرێ کە ئەوە بیرێ یان ڕوانینێ ڕەشبینانە بەسەریەوە زالە و یان گیرۆدەی بیرۆکەێ ئەنارکیستی و هیچگەرایە. ئەی ئەوە هیچگەرایی نییە کە زانستی نوێ وەك قەدەرێ میتافیزیکی خۆی دەسەپێنێ و مرۆڤی نوێش دەبێ بە دەروێشی ئەو پاش نوێکاری و زۆر دۆزینەوە و فرە داهێنانەی کە زۆرترین ستەم و زۆرداری دروستکردووە. هەروەها ئەوە ترس و ڕاڕایی نییە کە مرۆڤی نوێ جورئەتی ئەوە ناکا زۆری بەرهەمهێنانی زانست و بەبەردەوام زانست بەرهەمهێنان لە ولاتانی ڕۆژئاوا بخاتە ژێرپرسیاری ئۆنتۆلۆژی تازەوە. گشت ترسەکان خۆی لەوە بەرجەستەدەکا کە بوونەوەری تازە بەوە تۆقێنراوە کە بەبێ زانست ناکارێ بژی و هەروەها بوونی لە دەرەوەی زانست دەبێ بە خۆراك بۆ جادووگەرا و سیحربازەکان.

هەر سەبارەت بەوەی لەسەرەوە ووتمان دەشێ ئەوەش بووترێ کە سێرکردنی ئێپستمۆلۆژی ئێمە بەوە پابەندە کە بەسەرهاتی لەمەوبەری ئێمە چۆن و چی بووە و ئێمە وەك بوونەوەر سەر بە چ جۆرە میرات و ڕیشەێکین.ڕەنگە ئەم لایەنە بۆ گەلێ لێکۆلەرەوە وەك مەسەلەێ گێرەشێوێنانە و ئەنارکیستی تەماشاکرێ بەلام باس لە بوونی ڕابردووێ تر جیاواز لەو ڕابردووەی زۆرینە لەکۆلی گرتووە یان لە هەقایەتێ کە لەگەلێ ڕوەوە لە هەقایەتی نەیار و دەورەبەرەکامان جودایە مایەی ڕەشبینی و هیچەگەرایی نییە.ڕوونتر بدۆین ئەوا دەلێین , گەلێ لە ئێمە نایەوێ لە ڕابردوو بگا نە لە ڕابردووی خۆی و نەش لە ڕابردووی ناهاوشێوە و نەیارەکانی. هەربۆیشە گەلێ لە ئێمە ناتوانێ یان ناخوازێ لەوەبگا کە تیۆری زانستی چی بەرهەهێناوە و چیشی بەسەرهێناوین, یان لەوەناگا ئەوی لە ئاوشوێتز و ئەنفال و ڕەوەندە دا ڕوویدا بەرهەمی بیری ناساغ و ویستی گرفتئامێزبوو یان کردەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤی شەڕانگیز و مەرگدۆست بوو. بەلام زۆرجار ئێمە دەمانەوێ سنووری تێڕامان و بیرکردنەوەمان لەم چوارچێوەیە دەرکەین و بەرەو ئەو شوێنەیبەرین کە هۆکاری گشت نەهامەتی و کاولکاریەکان بۆ هەندێ هۆکاری میتافیزیکی ببەینەوە. ئەم هۆکارە وانەبێ مانای خۆی لە دروستکردنی دیاردە و ڕووداوەکان نەبێ بەلام خودی ڕوداوە سیاسیەکان و تەنانەت کارەکتەری مرۆڤی نوێ و ویست بۆ دەسەلاتیش ڕۆلی خۆی لە دروستکردنی تراژیدیا و نەگبەتیەکاندا هەیە. ئەم هۆکارانە و سەرووی ئەوەش سلکردنەوەی مرۆڤی تازە لە ڕاسیۆنالیتێی شتەکان مانای خۆی لەم حالەتەدا هەیە. دیاریشە کە پاش مێژووێ لە تێژیانی ڕاسیۆنالی مرۆڤی نوێ ئاساییە کە بۆ ساتێ موحاسەبەی ڕابردووی زانستی و عەقلگەرایی خۆی بکا و لە ڕەچەلەکی کێشە و گرفتەکانی شارستانیەتە نوێکەی بگا.

ئێمە کە نەکرێ و نەتوانین باوەڕمان بە زانینێ ڕەها و زانستێ بابەتی هەبێ ئەمە مانای ئەوە نییە کە خۆماندداوەتە دەستی قەدەر یان ئەو تەوژمەی نایەوێ لە هیچ ڕازیبێت. نەخێر ئەمە وانیە. سلکردنەوەمان لە ڕوودانی دیاردەکان و پشکنینمان بەدووی ڕیشەی بەسەرهات و ڕووداوەکان بەلگەن لەسەر ڕوونی بینین و ناپڕاگماتیەتی ڕاڤەکردنەکانمان بۆ ئەوی لە ژیانمان و لە بوونمان ڕوودەدا. تۆ چۆن دەکرێ ئایندەت ڕوون و ئاچوخ ببینی لە کاتێ لە لەمەوبەری خۆت نەگەبشتوویت و ترسی پرسیارنەکردنیشت لە لەمەوبەرت و تۆقانت لەوەی نەبا بە ڕابردووخواز و کۆنخواز تەماشاکرێ بێیت تەنێ بیر لە بیرۆکەی ئایندە بکەیتەوە. ئەمە هەقایەتێ ترسناکە و لەهەمانکاتدا ئاماژەشە لەسەر بێدەنگکردنی ئێستا و داخستنی دەرگاکانی بیرکردنەوە لەسەر ئەو پرسیارە بناغەییانەی نە لە ڕابردوو دا کران و نەش بەبێ وەلام جێهێلران. چونکە لە بنەڕەتدا نەزاتی پرسیارمان هەبووە و نەش توانای بیرکردنەوە.ئەوەی ئێمە کردومانە لەلاێ هەلاتن بووە لە پرسیار و بێئەزموونی بووە لە دروستکردنی وەلام و لەلاێ تریش پەیدانەکردنی توانا بووە بۆ بیرکردنەوە.

بەلام مەرجە بزانین چەند توانای گومانێ بێڕاڕامان لەناخدا هەیە و چۆنیش ئەو توانایە دەشێ بپارێزین بەلام بۆ بەرهەمهێنانی پەرچەکردارێ ڕوون و دلنیا نەك هیچگەرا و تاریك. ئەوەش سەفەرێ دوور و ماندووکەرە کە بە کەسانێ ناچیزە و بێهیوا ناشێ مەیسەرکرێ.هیچ دووڕناڕۆین هەولەکانی سوکرات بۆ گەیشتن بە ڕاستیێ دلنیا یان ئەو بوونەوەرە دەگمەن و کۆچەرانەی سل لە دۆزینەوە و گەڕان ناکەن ئەوانن توانای پرسیارکردن و شیاویی وەلادانەوەیان هەبووە.

بەبێگومانەوە دەمانەوێ بلێین کە دۆزی نوێی زانست لە کۆمەلگەکانی ڕۆژئاوا گەورەترین کێشەی لەبەردەم مەسەلە موڕالیەکان داناوە , بەواتاێتر گەشەی تازەی زانست و هاتنەکایەوەی زانینێ دیگیتال بووە بە سەرچاوەیەك بۆئەوەی ڕەوشت دووچاری سەرەتان(کانسێر) بێ و هیچ هیوایەك بە چاکبوونەوەی نەکرێ.موغامەراتەکانی زانست لەوەچوەتەدەرێ کە ئامانج تیایا سەرکەوتنبێ بەسەر سروشت و بوونی مرۆڤ بە نێوەندی لێکدانەوەکان بەلکو سروشت تەنێ لەوکاتانەدا بیری لێدەکرێتەوە کە پارتێ سیاسی بەناوی ژینگەوە بیەوێ دەنگ بۆ خۆی کۆکاتەوە.

هەروەها هەر ئەوەندە مرۆڤیش تەوەری لێکدانەوەکانە کە بەو کۆیلایەتیەی بەهۆی زانینێ تازەوە گرفتاری بووە پێیقایلبێ. ئەمانەو وێرای ئەوەی بۆچوون بۆ زانست لە شوێنێکەوە و لە شارستانیەتێکەوە بۆ ئەوی تر جیاوازە.

ئەم جیاوازیەش پێوەندیێ زۆری بە گەشەی زانستەوە هەیە. بۆنموونە لە شوێنێ باس لە کەمی زانست دەکرێ و لە شوێنێ تر باس لە زۆری- زۆر بەرهەمهێنان و زیاد لەپێویست نەشونمای- زانست دەکرێ.هەر لەهەمان ئەو شوێنەی زانستی تیا کەمە هیچ شوێنێ بۆ باس لەو گرفتانە ناکرێ کە بەهۆی زانستەوە دروستدەبن و هەروەها ئەوەی پێیدەلێن دژەگەرایی زانست مانای نییە بەقەدئەوەی زانست وەك شتێ بالا و پیرۆز سێردەکرێ. بۆیە لەو شوێنانەی زانست لە خۆتازەکردنەوە و لە زۆری بەرهەمهێناندایە باس لە مەرگی زانست نەك هەر دێیاتێ زیندووە بەلکو ڕیالیتێی خۆشی هەیە. گوازستنەوەی ئەو دێیات و تەنانەت ئەو ڕیالیتێیەش بۆ ناو شوێنهایەکی تر تەنیا زیان لە تیۆریەکان نادا بەلکو تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی سەیر سەیریش قووتدەکاتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو گەشەیەی زانست لە ولاتانی ڕۆژئاوا پێیگەیشتووە کاریگەری بەسەر گشت دیاردە و ڕەفتار و هەلسوکەوتێکی خەلکەوە بەجێهێشتووە. ئەو کۆمەلگە و تاکە کراوەیەی ئەمڕۆ ڕۆژئاوا شانازی پێوەدەکا لەگەلێ ڕۆوە بەرهەمی ئەو گەشە و ئەو جۆراوجۆریەیە کە زانست و زانینی نوێ پێیگەیشتووە.

**دوا پەیڤ :**

ئەوەی ئێمە کردومانە تاڕادەیەك دوو لایەن بووە. یەکەمیان واتە لەبەشی یەکەمی باسەکەدا هەولمانداوە هێندێك لە ڕوانین و بینینەکانی فایرەبەند لەمیانەی کارەکەی خۆیەوە(واتە کتێبی دژ بە مێتۆد) بخەینەڕوو و ئەویتریشیان واتە لەبەشی دووەمی باسەکەدا کۆششمان بۆئەوەکردووە لەچوارچێوەێ دیاریکراو نەختێ تیۆریزە بەسەر بەشێ لە ڕوانینەکانی ئەم بیریارەوە بکەین. وەکیتریش دەشێ ئەوەش بووترێ کە لەم باسەدا ئێمە تەنیا ویستمان وێنەیەك لەسەر هەندێ تەماشاکرن و ئاستی ڕوانینی فەیلەسوفی زانستی نەمساوی –ئەمەریکی فایرەبەند بدەین و جۆرە سێرکردنێ لەسەر ئەم بیریارە زانستیە دروستکەین کە لە خودی خۆیەوە نزدیکە. کارەکەی ئێمەش کە بەپشتبەستن بە خودی کتێبەکەی فایرەبەند ئەنجامدراوە وەکی تر هەولێکیشە بۆ خستەڕووی بەشێ لە دید و ڕاڤەکردنەکانی ئەم مێژووکردە زانستیە سەبارەت بە مێتۆد و ڕێسا و یاسا زانستیەکان. بەواتاێتر ئامانجی ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئەوەبووە کە سێرکردنەکانی ئەم بیریارە وەك خۆی و لەمیانەی لێکدانەوەکانیەوە بەردەست خوێنەری کورد بخەین و بۆئەوەی ئەمەش بکەین بەپێویستمان زانیووە کە کتێبە ئەکادیمیەکەی فایرەبەند بۆ ئەو مەبەستە بەکاربەرین. بۆیشە دەلێین کتێبە ئەکادیمیەکەی چونکە ئەو کتێبەی ئێمە (واتە دژ بە مێتۆد ) لێرەدا کردوومانە بە بناغە بۆ قسەکردن لەسەر ڕوانین و جیهانبینیەکانی فایرەبەند لەسەر زانست و مێتۆدۆلۆژی لە نێوەندی ئەکادیمی سەرچاوەێ بەرچاوییە و وەك تاکە دەروازەیەکیش لەسەر تیۆری و لێکدانەوەکانی فایرەبەند پەسەندەکرێ. یان کاتێ باس دێتە سەر فەلسەفەی زانست و بیریارانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە فایرەبەند بە یەکێ لەو بیریارانە لەقەلەمدەدرێ کە بەرهەمهێنەرێ تایبەتە و ئەم کتێبەشی لەڕیزی کتێبە سەرەکیەکانی بواری فەلسەفەی زانین و تیۆری زانین (ئێپستمۆلۆژی) سێردەکرێ .

گەر کاری فەلسەفەی زانست ڕەخنەگرتن بووبێ لە زانست فەیلەسوفانی زانست هەولیان بۆ ئەوەبووە بەهۆی ڕەخنە فەلسەفیەکانیانەوە قسە لەسەر کەموکوڕیەکانی زانست بکەن و هەروەها زانستیش لەوە جیاکانەوە کە زانست نییە. بەلام ئەم لایەنە لە ڕاڤەکردنەکانی فایرەبەند چوارچێوەێ تری وەرگرتووە و زانست و نازانست جیاوازی لەنێوانیان نییە. بەواتاێ تر فایرەبەند لەگەلێ شوێن لە کتێبەکەیدا دژی ئەوەدەوەستێتەوە کەئێمە باوەڕمان بە مێتۆد هەبێ یان ئامادەبین جیاوازی لەنێوان ئەوەی زانستە و ئەوەی نازانستە بکەین یان سنوورێ لەنێوان زانست و نازانست دانێین. گەر کاری فەلسەفەی زانست ڕەخنەگرتن بووبێ لە زانست فەیلەسوفانی زانست هەولیان بۆ ئەوەبووە بەهۆی ڕەخنە فەلسەفیەکانیانەوە قسە لەسەر کەموکوڕیەکانی زانست بکەن و هەروەها زانستیش لەوە جیاکانەوە کە زانست نییە.بەلام ئەم لایەنە لە ڕاڤەکردنەکانی فایرەبەند چوارچێوەێ تری وەرگرتووە و , کاتێ کە مێتۆدی زانست بۆ گەلێ لە ئێپستمۆلۆژیستەکان بریتییە لە کۆمەلێ ڕێسای جێگیر و نەگۆڕ , کە لە بەرهەمهێنانی زانینی زانستیدا پێڕەودەکرێ, بۆ فایرەبەد ئەمە بە دژایەتیکردنی گشت مێتۆدێ لەبواری زانست وەلامدەدرێتەوە و لەبڕی ئەوەش ئەنارکیزمێ زانستی پێڕەودەکا کە پاشان ئەم ئەنارکیزمە لەلایەن فایرەبەندەوە بەئەکادیمیدەکرێ.

ئەنارکیزم کە بۆ فایرەبەند باشترین تیۆری زانینە هەنگاوێکە بۆ پووچکردنی گشت ئاستێ تر لە توێژینەوەی زانستی.هەروەها ئەوەی فایرەبەند لەم کتێبەدا بە ڕوونی وێنایدەکا جەخت لەوەدەکا کە چۆن تیۆری زانستی مۆدێرن بە هەلە لە بابەتی لێکۆلینەوە گەیشتووە. ئەم شێوە بیرکردنەوەیەی فایرەبەندیش بەزۆری لەسەر ئەو بناغەیە خۆی بوونیاد دەنێ کە ڕێسا و پێوانەی دیاریکراو و گشتی بۆ ئەوەی پێیدەلێن زانست بوونی نییە. ئەمە ئەو بیرە سەرەکیەیە کە پالپشتی زۆربەی بۆچوونەکانی فایرەبەندە , کە بەخۆی کار لەسەر ئەو پرنسیپە دەکا کە تاکە باوەڕ و تێگەیشتنێکی ئەم مێژووکردە زانستیەیە, کە ئەوەش پرنسیپی گشت شتێ ڕەوایە یە کە لەم کتێبەدا دینامۆی لێکدانەوەکانیەتی. سەرباری ئەوەی ووترا ئەوەش دەلێین کە ئەو لێکدانەوانەی فایرەبەند زەمینەی بۆ سازدەکا نایەوێ ئەو سێرکردنە ڕاسیۆنالی و پۆزەتڤیستیە پەسەندکا کە زانست پرۆسێسێ ڕاسیۆنالیە و مێتۆدیش گەرەنتێکە بۆ زانست. ئەمە دژایەتیکردنی زانست نییە بەلکو تەماشاکردنێکی ترە بۆ زانست و مێتۆد کە لەو دەمووەختەی فایرەبەند ئەم کارەی نووسیوە جۆرە تێگەیشتنێ تر بۆ زانست و مێتۆد لە دونیای فەلسەفەی زانینی ولاتانی ئەنگلۆساکسی باوبووە و بیری فەلسەفی و زانستی ڕاسیۆنالی و پۆزەتڤیستیەکان سەرووی گشت بیرێ تر بوونە. بۆیە فایرەبەند بۆ شکاندنی چوارچێوەی بیرکردنەوەی زانستی ئەو دەمە کۆششی بۆئەوەکردووە کە زانست بەجۆرێ تر ڕوونکاتەوە و داواش لە زانایان بکا کە زانست لەبەردەم گشت شیاویی و پرسیارێکدا دەبێ کراوەبێ .

مایەوە ئەوەش بووترێ کە ئەم کتێبەی فایرەبەند جۆرە هەلوێستەکردنێکیشە بەرامبەر بە تیۆرەکانی زانست و خودی تیۆری زانینی ولاتانی ڕۆژئاوا نەك هەر لەماوەی ئەو سەدسالەی پێش نووسینی ئەم کتێبە(کتێبەکەی فایرەبەند لە سالی 1975 چاپی یەکەمی دەرچووە) بەلکو بەرامبەر مێژووێ لە زانست کە گەلێ لەوە کۆنترە.

ئەمەش وادەکا بلێین کە ئەم کتێبەی ئەم فەیلەسوفە زۆربەی ئەو لایەنە تیۆریانە دێنێتە گۆڕێ بۆ گفتووکۆکردن کە تایبەتن بە هەولەکانی کۆپەرنیکۆس, گالیلیێ, نیوتن و ئەنیستاین. بەخۆی ئەم تیۆریانەش بەبێ هیچ ؟ومانێ فایرەبەندی خستۆتە ناو جۆرە هەلوێستەکردنێ لەسەر بارودۆخی پەرەسەندنی گەشەی زانست و هەلوێستەکانی تیۆری زانین. بەلام ئەو هەلوێستەکردنانەی فایرەبەند مانای خۆی کەمتازۆر لەبواری بیری فەلسەفەی زانستی نوێ

وەك بەرهەمێ کلاسیك هەیە و بیری فەلسەفی زانستی نوێش لەم کارەی فایرەبەند و هاو بیرانی(کۆهن,لاکاتۆس) ناشێ دورەپەرێزبێ. هەروەها دەمانەوێ ئەوەش بلێین کە ئەوەی فایرەبەند وەك مێژووکردێ زانستی لەم کارەیدا تێڕامانی بەسەرەوە دەکا تەنیا نیە و پاش ئەویش ئەو تێڕامانانە بەردەوامە و دێیاتێ فەلسەفی زۆر لە بواری فەلسەفەی زانست لەبارەی سنوورەکانی زانینی زانستی و ستاتۆسی تیۆری زانین لەئارادایە بەلام هەریەك لەو هەولانەی کە کراون و دەکرێن بەچەندین شێوە خۆیان لە کارەکەی فایرەبەند جیادەکەنەوە.
کارەکەی فایرەبەند کە بۆ 30 سالێ دەچێ نووسراوە تائەمڕۆش بابەتێ گەورەیە بۆ دێیات و شانبەشانی کارەکانی تۆماس کۆهن لەڕیزی ئەو بەرهەمانە تەماشادەکرێ کە هەولێ بووە بۆ ڕەتکردنەوەی ڕاسیۆنالیزمی کار پۆپەر و فەلسەفەی پۆزەتڤیزم.

**پەراوێز:**

(1)- خوێندنەوەکەمان بۆ کتێبەکەی فایرەبەند لەبەر ڕۆشنایی ئەو چاپە سویدیەیە ئەنجامدراوە کە لە سالی 2000 لە لایەن چاپخانەی ئارکیڤ و وەرگێڕان تۆماس برانت و سیسیلیە هانسۆنەوە هاتۆتەدەر بەلام چاپی یەکەمی ئەم کتێبەی فایرەبەند بەزمانی سویدی لە سالی 1977 لەلایەن چاپخانە و وەرگێڕی جیا بەردەست خوێنەران خراوە.
ئەم چاپە تازەیە نەك هەر لەڕووی ناونیشانەوە جیاوازە بەلکو پێشەکیێ تێر و تەسەلیش لەلایەن یەکێ لە وەرگێڕەکانەوە ( پرۆڤیسۆر تۆماس براندت, کە یەکێ بووە لە قووتابیەکانی فایرەبەند لە زاتکۆی بێرکلی) بۆ ڕوونکردنەوەی بیری ئەکادیمی و ئاستی بیریاری فایرەبەند نووسراوە و هەروەها ئەم چاپە تازەیە لەبەر ڕۆشنایی چاپی سێهەمی نوسخە ئیگلیزیەکە (1993) ئامادەکراوە و لەگەلیشی هەندێ لەو پێشەکیانە چاپکراون کە بۆ چاپی یەکەم و چاپی سێهەم و ئەو دەروازەیەی بۆ نوسخە چینیەکە نووسراون ئامادەکراوە.
سەبارەت بە کتێبەکەی فایرەبەند بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
Paul Feyerabend , Mot metodtvånget, Arkiv förlag, 2000.
ئەم چاپە لەبەر ڕۆشنایی ئەم نوسخەیە وەرگێڕدراوە:
Paul Feyerabend, Against Method,London, Verso,1993..

2- ئالان شالمرز کە فەیلەسوفێ زانستی ئوسترالیە لە کتێبێکیدا بەناوی" "ئەو شتە چییە پێیدەوترێ زانست؟" " بەشێکی بۆ قسەکردن لەسەر فایرەبەند تەرخانکردووە. لەم ڕوەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە :
Chalmers, A .F. Vad är vetenskap egentligen? . Nya Doxa, 1995.

3- بڕوانە پێشەکیەکەی وەرگێڕی سویدی تۆماس براندت لە کتێبەکەی پۆل فایرەبەند لاپەڕەی xi

4- بڕوانە پێشەکیەکەی تۆماس براندت لاپەڕەی x

5- بڕوانە پێشەکیەکەی تۆماس براندت لاپەڕەی xi

6- بڕوانە هەمان لاپەڕە